# بۆکان له ئەمڕۆ و له مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا:** زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێرای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(٩-٤)

### نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ سەردار عێلی شکاک 13250230

هێزی دێموکڕاتی کوردستان لکی بۆکان . دائیرەی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لە سەرا قەڵەمی ستاد

بۆ سەرداری عێلی شکاک جەنەڕاڵ عومەرخان موحتەرەم.

مەوزووع فەیزوڵاخانی بوبوکتانە.

ئاغای فەیزوڵاخان مالکی دێی بوبوکتان یەکێکەلەخزمان و خۆشەویستانی من . بەقەرارێکی خەبەرم زانیوەعیدەیەک لەلەشکری شکاکی مەعییەتتان بەعزەتەزایقاتێکی دێی باسکراویان کردوە. جا ئەوەئاغای مودەعی ئیلەی نێردرایەخزمەتتان تکایەدەستوور بفەرموون لەشکرچیەکان سەروەمەیدان بەزەحمەت ئەهالی ئەو دێیەنەدەن و شەخسیەن ئاغای فەیزوڵاخانیش بخرێتەژێر نەزەری موساعەدەو یارمەتی جەنابتانەوە. بۆ مەعلوومات ئەم مەسەلەیەتان بەعەرز گەیاندرا.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

### نامەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ حەمەڕەشیدخان 13250303

مهاباد کومیتەی مەرکەزی

جەنابی ژنراڵ مایور محەمەدڕەشیدخان

لەپاش داوای سەربەرزیت مەقام موعەزەم جەمهوور فەرموویان بەئاغایانی بەگزادەدەستوور درا خۆیان بەجەنابت بناسێنن و خۆیان لەسەرایەمعەڕەفی بکەن و هەروەها فەرموویان هومێدم هەیەتەرەفەین چاکەو دۆستایەتی حسابی لەنەزەر بگرن و پێکەوەهەمکاریەکی چاک بکەن .

کومیتەی مەرکەزیی حزبی دێموکڕاتی کوردستان

---

### نامەی میرحاج 250203 بۆ فەرماندەی هێزی مەنتەقەی بۆکان

لەسەرکردەی لکی 2 ی بارزانی لەئاق کەند

مەوزووع ئیشتباهەبەتەجەسوس ئەشخاس

ئەوەدوو پیاو سەید ئیبراهیم و ڕەفیقی دەروێش عەبدولقادر رەشید لەپۆستی ئێمەلەئای چی گیراون لەجەریانی تەحقیق ئیشتباەبەمولاحەزاتی خوارەوەبەیان ئەبێت.

1. جەنابی سەید ئیبراهیم گۆیا خەڵکی عێراقەو....ماڵی لەقەراخ کەرکووکەو هاتوتەئێران فەقەت بەدەرووزە(سواڵ کردن) . بەڵکوو بۆ تەجەسوس بۆ حکوومەتی عێراق وەک لای ئەجنەبی.گۆیا سەید ئیبراهیم هیج عەلاقەیەکی نەبوەلەگەڵ ڕەفیقیی عەبدولقادر کەخەڵقی دێی مامەشەیە(چارەگەسەعاتێک دوور لەسەقز) و خزمی هەنەلەسەقز ، غەیری ئەوەنەبێ کەلەپێش 10 ڕۆژ یەکتریان ناسیوەو بوون بەرەفیق و شیرکەتێکی سواڵکردنیان تەئسیس کردوەمەحدوود لەمەنتەقەی سەقز و بانەبۆ دەرووزەئەگەڕان و موتەوجیەبوون بۆ بانەبۆ کۆ کردنەوەی رۆن، ئەمەشەزۆر جێگای سوونی زەننە. لەئیفادەی بەعزێ ئەهالی مامەشەعەبدولقادر لەپێش ئێستابەدەروێش نەناسراوەو لەئیفادەی خۆیان زۆرتر وەدیار ئەکەوێت . لەبەر ئەمانەی سەرەوەتەقدیمی کانگای ئێوەئەکەین کەبۆ معامەلەو تەحقیق پێویستەئەمر بفەرموون.

سەرکردەی هێزی بارزانی لکی2

---

**نامەی میرحاج 13250303**

بۆ فەرماندەی هێزی مەنتەقەی بۆکان

لەسەرکردەی لکی2 ی بارزانی .

مەوزووع : خراپی لەشکر بۆ ئەهالی و جەمهووریەتەو تەلافی کردنی.

ئەوەلەنوقاتی خوارەوەمولاحەزاتی خۆمانەعەرزی مقامتان ئەکەین بەخوسووس معامەلەی لەشکری شکاک لەگەڵ ئەهالی دیهاتی کەتەسادفێ ئەکەن و تیادا ئەخەون و مەعازیری ئەو خراپەیەبۆ ئەهالی و بیلنەتیجەبۆ دەوڵەت خوسووسەن لەپاش ئیحتمالی تەقەدومی هێزی دێموکراتی کوردستان بۆ پێشەوە.

1. ژیانی ئەفڕادی لەشکر بەسەر ئەهالی کرمانجی دێهاتی فەقیر و داواکردنی خواردەمەنی لەساحەبی ماڵ ، مریشک و حەیوان و حەتا گاش ،شەکر و چا و .... بەئیجبار وتەهدید و ئەگەر تەئخیر بوو بەلێدان.

2. چەڕاندن لەمەزرووعاتی ئەهالی دێهات.

3. سوخرەگرتنی ئەهالی بۆ زۆر کاری کەخۆیان ئەتوانن بیکەن.

4. بەعزێ حەوادس ڕوویداوەوەکوتەسادفی بەعزێ ئەهالی لەرێگا بەتەنها ولاغ یان زین یان پالتۆ و غەیرە لێیان ساندوەو یا خود گوریویانەتەوەبەنەوعێکی خراپتر بەجەبری.

5. معامەڵەیان لەگەڵ ژن و ماڵ و مندال زۆر بەوەشکیە. ئەوانەمعامەڵەی دوژمن ئەکەن لەوەختێک دا کەئەم ئەهالیەهەمووی بۆتەدێموکڕات و زۆر ئیتاعەتیان هەیەبۆ ئەوامری دەوڵەت.

6. لەنێو خۆیاندا هیچ نەوعەئینتزام و زەوابتیان نیەو ئیتاعەتی یەکتر کەمتر ئەکەن و عادەتی ئینتزامی کەدانراوەلەو جێگای کەهێزی دێموکڕاتی تێدابوەتێکی ئەدەن. بەم سوئی معامەلەیەزۆر ساردی و ترسێکی زۆر پەیدابوەلەناو ئەهالی ئەو مەنتەقەیە. ئەم شتەخراپەسەرایەتی دەکاتەمەناتقی پێشەوەلەکوردستان کەهێشتا ....لەتەرەف دوژمن و دەبێتەباعیسی هەڵگەڕانەوەو سەلماندن بۆ هەموو ئەهالی کەبیلعەکس پێویستەواها خۆمان لەدوورەوەپێشان بدەین کە عاشقی نیزام و ڕەوشتی ئێمەبن و بێنەسەر عەقیدەی ئێمەو کومەگ بەئێمەبکەن . زۆر ئەهالی لەم دێهاتەهیجرەت دەکەن و جێگایان چۆڵ ئەبێت و حەتمەن ئەنتاجی فەلاحەت زۆر کەم دەبێ بۆ فەسڵی داهاتوو.

7. سنووری ئەم مەرعووبیەتەدەگاتەدەرەجەی خەتەر . ئەگەر هێزی جەمهووریەت تەقەدوم بکات و واریدی شاران بێت وەکوو سەقز، بانە، سنەمحەققەن....ئەم عەشایرەدەست ئەکا بەتاڵانی شارو تێکدانی ئینتزام و ئیرتیکابی جەرایم ، ئەوەش زەرەرێکی گەورەیەمادیەن و مەعنەویەن بۆ جەمهووریەت. بۆیەپێویستەحەقیقەتی ئەو وەزعەعەرزتان بکەین تاکوو ئەگەر بەموناسب بزانن خزمەت مقامات مەسئوول بەیان بفەرموون تاکوومعالەجەبکرێ چونکەئەگەر دەوام بکات کارمان شلووغە.

8. بۆ معالەجەی ئەم وەزعەملاحەزاتی ژێرەوەعەرزتان ئەکەین:

سووقی لە شکری شکاک موستەمیرەن بۆ پێشەوەلەدۆڵی چەپ بۆ مەنتەقەی هەوشاری خوارەوەو لەقۆڵی راست بۆ مەنتەقەی بەینی بانەو سەقز و سنە(کوردستان) تاکوو لەحاڵی تەقەدوم و تەنەقول دابێ و زۆر عیدەلەیەک جێگا نەبێتەوەتاکوو زیان کەمتربێت.

راوەستانی لەشکر لەوەزعی حالەن ، فکری ئەساسی کەشەرەلەبیری ئەباتەوەو تەوجیهی ئەکات بۆ مەیلی خراپ بیلعەکس ....لەشکر بەتەنەقول و تەقەدوم لەئەڕازی دوژمن ئیشغاڵیان ئەکات و ئینشائەڵا تەوجیهی خێر و موەفەقیەت ئەبن بۆ جەمهووریەت.

قیادەی عام سەیتەرەی تامی ببێ بەسەر حەرەکاتی لە شکرو تەنقولات و تەوجیهی و زۆر بەچاک ئەزانم کەدەگەڵ سەرکردەکان(نازرخەرج)کەمولحەقن بەلەشکر لەگەڵ هەر 200 نەفەری لەشکرموڕشیدێکی حزبی لەتەرەف حزبەوەملحەق بکرێن بۆ ئینزبات و ئیرشادی لە شکرو مراقەبەتی ئەعمالی نازرخەرجی لە شکر کەئیدارەیان بکات تاکوو محتاجی ئەرزاقی ئەهالی نەبن.

لە شکر دوور بکرێ لەشاران تاکوو نەبێ بەسەبەبی فەوزا و غەیرەزالیک.

---

**نامەی جەعفەر کەریمی13250303**

هێزی دێموکرات کوردستان

فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و مەنتەقەی بۆکان ژنراڵ مایور جەنابی آقای محەمەدڕەشیدخان

لەسەر ئەمری مەبارەکی وەزیری بەرزی هێز آغایانی محەمەد حەیدەری بەدەرەجەی سەروەری ، هەمزەی حەیدەری بەدەرەجەی ناودار یەک و ئەمیری حەیدەری بەدەرەجەی ناوداری دوو مفتەخەرکراون وا رەوانەی خزمەت کران . رەجا وایەهەر جێگایەکی پێیان خۆشەبیان نێرنەئەوێ و زمنەن دەستوور بفەرموو کەنازرخەرج وەک سایری پێشمەرگەکان دیکەلەجەبهەخزمەت دەکەن خەرجی خۆیان و عیدەیان بکێشێ و دڵیان عاجز نەکا.

معاون حەربی وەزارەت هێز کوردەستان     مایوڕ جەعفەر کەریمی

**درێژەی هەیە...**